https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پاتکردنەوەی لێکسیکی لە نێوان دەقی زانستی و ئەدەبیی زمانی کوردیدا

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب
qais.kakl@soran.edu.iq

بنار حوسێن ئەیوب
زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی پەروەردە
bnar.ayub@kue.soran.edu.iq

**پوختە:**

دیـاردەی پـاتکردنەوە لە گشـت ئاسـتەکانی زمانـدا بەدیـدەکرێ لە هەردوو شـێوەی نووسـین و ئاخاوتنـدا، بـۆیە لەم تـوێژینەوەیەدا ئەم دیـاردەیە لە زمـانی کوردیـدا خـراوەتەڕوو، لەگەڵ دەستنیشـانکردنی ئەو شێوازانەی کە پاتکردنەوەکە بەرهەمدەهێنن. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی بۆچـوونی هـۆی (Hoey) لە پـاتکردنەوە دەکـۆڵێتەوە، دواتـر لە زمـانی کوردیدا بەکاردەهێنرێ.

لە تـوێژینەوەکەدا بە مەبەسـتی شـیکاری و دیـاریکردنی نموونەکـان، بۆئەوەی ڕووماڵی شێوازە جیاوازەکان بکرێ بە پەسەند زانرا دوو شێواز هەڵبژێردرێن، ئەوانیش شێوازی زانستی و شێوازی ئەدەبین، دوای ئەوەی جۆری پاتکردنەوەکـانی هەریەک لە دەقەکـان لە خشـتەیەکدا خـراوەتەڕوو دواتـر جـۆر و ڕێـژەی پاتکردنەوەکـانی نێـوان دەقەکـان بە یەکتـری بەراوردکراون.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە. کە بەشـی یەکەم تیـۆرییە و بەشـی دووەمـیش پـڕاکتیکییە. بەم شـێوەیە: لە بەشـی یەکەمـی تـوێژینەوەکەدا چەمـک و زاراوەی پـاتکردنەوە لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە لێیەوە نـزیکن ڕوونکـراونەتەوە لەگەڵ ناسـاندنی دیـاردەکە، دواتـر بۆچـوونی هـۆی خـراوەتەڕوو لەگەڵ نیشـاندانی جـۆری پاتکردنەوەکـان. بەشـی دووەمیش لایەنـی ئامـاریی تـوێژینەوەکەیە، تیایـدا ئامـاری دوو دەق لە بوارەکـانی (زانسـتی و ئەدەبـی) وەرگیـراوە و بەیەکتری بەراوردکراون لە ڕێگەیەوە چەند ئەنجامێک بەدەستهاتووە، کە لە کۆتاییدا لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان پێشکەشکراون.

**وشـه كليلييەكـان:** پـاتكردنەوە، پـاتكردنەوەی لێكسـيكی، ناوەنـدی ون، هاوئاماژە، پەيوەنديی سێگۆشەيی، هايپۆنيم، هاوهايپۆنيم و سەرخان.

## پاتكردنەوەی لێكسيكی لە نێوان دەقی زانستی و ئەدەبيی زمانی كورديدا

## پێشەكی

### ١-٠ ناونيشان

ناونيشـــانی تـــوێژينەوەكە (پـــاتكردنەوەی لێكســـيكی لە نێـــوان دەقـــی زانسـتی و ئەدەبيـی زمـانی كورديـدا)يە، تـوێژينەوەيەكی واتاسـازييە، ئەم ناونيشـانەش چوارچێـوە بـۆ نـاوەرۆكەكەی دادەڕێژێـت، كە لە ديـاردەی پاتكردنەوە دەكۆڵێتەوە.

### ٢-٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە:

ديـاردەی پـاتكردنەوە مەسـەلەيەكی دەگمەن و پەراوێزخـراو نيـيە لە ئاخاوتن و نووسيندا، هەر تاكێكی سـەر بە هەر زمانێک بەردەوام وشـە و ڕسـتەكان دووبـارە دەكـاتەوە، تـا ئەو شـوێنەی ئێمە ئاگـادارين ئەم بـابەتە نەخـراوەتە ژێـر تيشـكی لێكـۆڵينەوەيەكی زمـانەوانی بە زمـانی كـوردی، هەبـوونی ئەم كەلێـنەش، گەورەتـرين هۆكـار بـوو بـۆ ئـارەزووكردنی ئەنجامدانی توێژينەوەكە.

**٠-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی-شیکاری بەکارهاتووە. لە بەشی دووەمدا پڕۆگرامی ئەکسل بۆ شیکردنەوەکان بەکارهاتووە.

**٠-٤ سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری کارکردنی توێژینەوەکە بە گشتی دەچێتە بواری واتاسازییەوە.

**٠-٥ کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا دوو نموونەی جیاواز وەرگیراون، کە بریتین لە شێوازی نووسینی زانستی و شێوازی نووسینی ئەدەبی، ئەم دوو شێوازە جیاوازە بە شێوەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکیی مەبەستدار لە کتێبی (زانست بۆ هەمووان)ی پۆلی (نۆیەم) نموونەیەک وەرگیراوە و هەروەها بۆ شێوازی ئەدەبیش بە هەمان ڕێباز نموونە لە ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند) وەرگیراوە.

**٠-٦ گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:**

بنەماکانی بەدەقبوون زۆرن، یەکێک لەوانە پاتکردنەوەیە. ئەو بیرە باوە کە دەقی ئەدەبی شێوازێکی تایبەتی هەیە و پڕە لە هەست و سۆز و وێنەی هونەری و درێژدادڕی و ڕەوانبێژی... هتد لە بەرانبەردا دەقی زانستی دەقێکی سادە و زیاتر لۆژیکییە. بە لای ئەم توێژینەوەیەوە گرنگە بەراوردی لایەنی پاتکردنەوەی ئەم دوو شێوازەی نووسین بکرێ، بۆ ئەوەی بە شێوەی ژمارە و ئامار ئەو جیاوازییە بخاتەڕوو هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە؛ ئایا ڕێژە و جۆری پاتکردنەوە دەبێتە

مۆرکێک یان تایبەتمەندییەکی ڕۆنانی و پێکهاتە بۆ پێناسەکردن یان ناسینەوەی ئەم شێوازانە.

## بەشی یەکەم: پاتکردنەوەی لێکسیکی بەپێی پۆلێنی هۆی (Hoey)

### ١-١ پاتکردنەوە (Repetition): چەمک و زاراوە

زاراوەی پاتکردنەوە لە بەرانبەر (Repetition)(١) دێت لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ زاراوە لە بەرانبەر پاتکردنەوەدا هەیە، واتاکانیان نزیکە لێی، لەوانە: (دووپاتکردنەوە، دووبارەکردنەوە، چەندبارەکردنەوە... هتد). ئەم زاراوانە لە فەرهەنگی موکریانیدا بەم شێوەیە باسکراون: دووپاتکردنەوە، پات :"وتە یان کردەوەیەکە دوو جاران کرابێ یان وترابێ". (موکریانی: ٢٠١٧: ٦٦٨-٦٦٩). دووبارەکردنەوە: موکریانی دووبارەکردنەوەی بە هاوواتای دووپاتکردنەوە باسکردووە. (هەمان سەرچاوەی پێشو: ٦٦٨-٦٦٩). هەرچەندە مەبەستی هەردوو زاراوەکە دووبارە وتنەوە/نووسینەوەی بیرێکە، یان دووبارەکردنەوەی کردارێکە، لەم ڕوانگەیەوە بە تەواوی پەیوەندیدارن لەگەڵ یەکتر، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە بە تەواوی هاوواتا نین، ناتوانرێت لە هەموو جێگەیەک لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن.

(١)- تاقیکردنەوەکەی دووبارەکردەوە - تاقیکردنەوەکەی پاتکردەوە.*

### ١-١-١ پاتکردنەوە

لێرەدا مەبەست لە دیاردەی پاتکردنەوەیە لە زماندا، کە دیاردەیەکی گشتییە، لە هەموو زمانێکدا لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێ. (Rosyidah et al: 2014: 33) لە زمانی کوردیدا بە ڕوونی لە

نووسین/ئاخاوتنی سروشتی ڕۆژانەدا بەدیدەکرێ. ئەم پاتکردنەوەیە پێناسەکراوە بە "ئەنجامدان، وتن یان نوسینەوەی هەمان شت زیاتر لە جارێک، پاتکردنەوە هەر یەکە لە پرۆسە، پێکهاتە، توخم (Element) و ناوەرۆک (Motifs) دەگرێتەوە، کە بنەمان لە پەیوەندیکردندا بە گشتی و بە تایبەت لە زماندا (McArthur, Tom: 1992: 861). یان چەند بارەکردنەوەی بیرێک یان وشەیەکە لە زماندا، تا ژمارەی کەرەستە پاتکراوەکان زیاتر بێ، سەرنجی ئێمە زیاتر بۆ خۆی کێش دەکات. (Reynolds, D. W: 1995: 185). ئیچسۆن لە بارەی ئەمەوە دەڵێ: ئەوەندە جۆر و شێوازی پاتکردنەوەمان هەیە لە زماندا، تەنانەت دەکرێ بوترێ "زمان پشت بە قاڵبە پاتکراوەکان (Pattern) دەبەستێ". (Aitchison, Jean: 1994: 15-16).

## ١-١-٢ پاتکردنەوە و دووبارەکردنەوە (Reduplication)

دووبارەکردنەوە، پرۆسەیەکی باوی مۆرفۆلۆجییە، یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕۆنانی وشەیە (Word-Formation)، کە تیایدا بنکەیەکی مۆرفۆلۆجی بە تەواوی یان تەنیا بەشێک لێی دووبارەدەبێتەوە. (Haspelmath and Smis: 2010: 39).

(٢)- ڕەنگ + او + ڕەنگ

## ١-١-٣ پاتکردنەوە و جەختکردنەوە (Emphasis)

لەیەک نزیکیی ئەم دوو زاراوەیەی سەرەوە وایکردووە، زۆر جار وەکو هاوواتای یەکتر دابنرێن، لە هەندێ شوێن هەمان مەبەست دەگەیەنن و دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەڵام لە هەندێ شوێندا واتاکانیان جیادەبێتەوە، پاتکردنەوە هەموو چەندبارەکان دەگرێتەخۆ، جا بۆ هەر مەبەستێک بێت لەوانە (جەختکردن، زیادەڕۆی و دووبارەکردنەوەی

ناپێویست، دەربڕینە دەرونییەکان... هتد)، بەڵام جەختکردنەوە یەکێک لە ڕێگەکانی دروستبوونی بڕیتییە لە پاتکردنەوە، واتە تەنیا ئەو پاتکردنەوانەی بۆ مەبەستی جەختکردنن دەگرێتەوە، نەک سەرجەم پاتکردنەوەکان.

## ٢-١ پاتکردنەوەی لێکسیکی بەپێی پۆلێنی هۆی (Hoey)

هۆی (Hoey) لە ساڵی (١٩٩١)دا پەرتووکێکی بە ناوی ( Patterns of lexis in text) بڵاوکردەوە، تێیدا بە شێوەیەکی ورد لە پاتکردنەوەی کۆڵیوەتەوە، لەوێدا مۆدێلێکی تایبەت بە پاتکردنەوەی لێکسیکی خستەڕوو، کە بە شێوەیەکی گشتگیر ڕۆڵی پاتکردنەوەی لێکسیکی لە لکاندنی دەقدا شیکردۆتەوە، دواتر ئەرکەکانی پاتکردنەوەی لێکسیکی لە دەقدا دیاریکردووە. شیکردنەوەی بۆ بابەتە ناوەسفییەکانی وەکو: ئارتیکڵەکانی ڕۆژنامە و ئەو پەرتووکانەش کە چیرۆک نین... هتد کردووە، بۆ نیشاندانی گرنگی و چۆنیەتی کارکردنی قاڵبەکانی پاتکردنەوەی لێکسیکی لە بەیەکەوە بەندکردنی ڕستەکان لەگەڵ یەکتردا. لەم توێژینەوەیەدا ئەم بۆچوونە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێ. هۆی لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی پاتکرنەوەی لێکسیمی، سێ کەتیگۆریی سەرەکی جیاکردۆتەوە، هەریەکەشیان دابەش دەبن بۆ چەند جۆری تر، کە لە خوارەوە باسی لێوە دەکرێت:




**هێڵکاری ژمارە (١) جۆرەکانی پاتکردنەوەی لێکسیکی بەپێی پۆلێنی هۆی**

## یەکەم: پاتکردنەوەی لێکسیکی (Lexical Repetition)

پاتکردنەوەی لێکسیکی کە لە لکاندنی دەق بە یەکتری ڕۆڵ دەبینێت، دەکرێ بە ئەڵقەی پاتکردنەوەی لێکسیکی (Lexical Repetition)[٢] ئاماژەی بۆ بکرێت(Al-Khafaji, R : 2005: 9)، چونکە یەکە لێکسیکییەکان وەکو ئەڵقەی زنجیرێک ڕۆڵ دەبینن، لە پەیوەستکردنی پارچەکانی دەقێک بە یەکتر و بەرهەمهێنانی دەقێکی یەکگرتوو. ئەم پاتکردنەوەیە دووبارەکردنەوەی دانەیەکی لێکسیکییە و هەمان فۆڕمی هەیە لەگەڵ دانەیەکی تری لێکسیکی، کە پێشتر لە دەقەکەدا هاتووە و خاوەنی سادەترین فۆڕمە بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تری پاتکردنەوە، هەروەها سادەترین جۆری پەیوەندییە لێکسیکییەکانە لە دەقدا،

چـونکە پـاتکردنەوەی یەکە لێکسـیکییەکان بە هەمـان فـۆڕم و مانـا لە جۆرەکانی تر ئاشکراترە بۆ ناسینەوە و هەستپێکردن و سەرنجڕاکێشانی خـوێنەر یـان بیسـەر. یەکە لێکسـیکییەکان بەپێـی فـۆڕمی پێکهاتەکانیـان پۆلێندەکرێن بۆ ئەم دوو جۆرەی خوارەوە:

**ا- پاتکردنەوەی لێکسیکیی سادە (Simple Lexical Repetition)**

پـاتکردنەوەی لێکسـیکیی سـادە کاتێـک ڕوودەدات، کە لێکسـیمێک دووبـارە دەبێـتەوە، کە پێشـتر لە دەقەکەدا هـاتووە، بەبـێ ئەوەی هـیچ گۆڕانکـارییەکی گەورە تیایـدا ڕووبـدا، بەڵکـو وشـەکە بە تەواوی دووبـارەدەکرێتەوە، لە چوارچێـوەیەکی ڕوونـی پـاڕادایمی ڕێزمـانیی داخراودا (closed grammatical paradigm). ( Hoey M: 1996: 53). واتە پـاتکردنەوەی دانەیەکـی لێکسـیکی دەگـرێتەوە، کە پێشـتر دانە لێکسیکییەکە وەکو خۆی هـاتووە، بەبێ خستنەسـەری هیچ زیـادەیەک و گۆڕانکاری لە واتاکەیدا. ئەمەش دیسان بۆ دوو جۆری تر پۆلێنکراوە:

**١- پاتکردنەوەی هەمان فۆڕم:**

پـاتکردنەوەی هەمـان فـۆڕم کاتێـک ڕوودەدات، کە تەواوی دانە لێکسـیکییەکە یـان فرێـزەکە بە تەواوی و وەکـو خـۆی بەبـێ هـیچ دەستکارییەک دووبارە دەکرێتەوە، ( Nunung Nurjannah: 2015: 277) لەگەڵ گۆڕانە گەردانییەکـان، کە پۆلە ئاخـاوتنی وشـەکان نـاگۆڕن، دەچێتە خانەی ئەم جۆرە پاتکردنەوەیە، واتە بریتییە لە پاتکردنەوەی کت و متی دانە لێکسیکییەکان لە دەقدا. بۆ نموونە:

(٣)- ... نوری چووە ناویان و پێوە بوو، بوو بە <u>دەروێش</u> و گوێیـان کونکرد و وەکو <u>دەروێشـەکانی</u> تر فێری (هـای و هـوی) بـوو. (عەلائەدین سەجادی: ٢٠١٠: ٦٩٩).

**٢- پاتکردنەوەی بەشێکی فۆڕمەکە**

ئەم پـــاتکردنەوەیە کاتێــک ڕوودەدا کە فرێزێــک یــان ڕســـتەیەک دووبارەدەکرێتەوە، بەڵام بەشێکی دەکرتێنرێ، ( Nunung Nurjannah: 2015: 277) واتە جارێکیان پارچەکە بە فۆڕمی پڕ دەنووسرێ/دەوترێ، بۆ جاری دواتر بەشێکی دەکرتێنرێ و بەشێکی دووبارەدەکرێتەوە. ئەمە لە دانەی لێکسـیکیدا ڕوونـادات، بەڵکـو زیـاتر لە نـاو و نازنـاو، فرێـز و ڕستەدا ڕوودەدا. بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

(٤)- لە هێرشێکی ئاسمانی هێزەکانی ئەمریکادا، قاسم سولەیمانی و بەشـێک لە یـاوەرانی کـوژران... دۆناڵـد ترەمپـی سـەرۆکی ئەمریکـا لە لێدوانێکیدا... وتی دەبوایە زووتر سولەیمانی کوژرابا.

**ب- پاتکردنەوەی لێکسیکیی ئاڵۆز (Complex Lexical Repetition)**

پـاتکردنەوەی دانەیەکـی لێکسـیکییە، کە لە هەمـان مۆڕفیم یـان بنکە وەرگیـراوە، واتە دوو دانە لێکسـیمە پاتکراوەکـان هاوبەشـن و لە هەمـان مۆڕفیم سازکراون، بەڵام بە تەواوی چونیەک نین، یان لە هەندێ باردا بە تەواوی چونیەکن، بەڵام هەریەکەیان ئەرکێکی ڕێزمانیی جیاواز لەوەی تر ڕادەپەڕێنێ. (Hoey M: 1996: 55). دانە پاتکراوەکان لەناو دەقەکەدا هاوبەشن لە واتادا، بەڵام فۆڕمەکانیان هاوشێوەی یەک نین، جگە لەمەش دانە پاتکراوەکان هەریەکەیان سەر بە کاتیگۆرییەکی لێکسیکین.

(٥)- ئارام، ئارام ئارام ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە.

لە نمـــوونەی (٥)دا ســـێجار لێکســـیمی (ئـــارام) پـــاتکراوەتەوە، کە هەرسێکیان بە تەواوی چونیەکن لە ڕووی چەمک و مانا و فۆڕمەوە، کە مانـــای هێمنـــی و لەســـەرخۆیی دەگەیەنـــن، بەڵام هەریەکەیـــان ســـەر بە

کەتیگۆرییەکی جیاوازن. (ئارام)ی یەکەم سەر بە کەتیگۆری ناوە، (ئارام)ی دووەم و سێیەم سەر بە کەتیگۆری ئاوەڵکارن و هەردووکیان بۆ هەمان مەبەست پاتکراونەتەوە، مەبەست (زۆر بە ئارامی، بە ئارامی)یە

**دووەم: پاتکردنەوە لە ڕێگەی پارافریز (Paraphrase)**

پارافریز یەکێکی ترە لە جۆرە سەرەکییەکانی پاتکردنەوە، بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای ئاخاوتن و بیرۆکەکان لە ڕێگەی وشە جیاوازەکان، کە وەکو هاوواتا وان. ( Lili Zhan: 2012: 2160) هۆی پارافریزی پۆلێنکردووە بۆ دوو جۆر:

**ا- پارافریزی سادە[٣] (Simple Paraphrase)**

پارافریزی سادە کاتێک ڕوودەدات، کە توانرا دانەیەکی لێکسیمی لەبری دانەیەکی تری لێکسیمی دابنرێ و شوێنی بگرێتەوە لە هەمان دەوروبەردا، بێ ئەوەی ئەو لەبریدانانە ببێتە هۆی لەدەستدان یان بەدەستهێنانی هیچ تایبەتمەندییەکی تر، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی ئاشکرا لە ماناکەیدا ڕووبدات. (Hoey M: 1996: 62). پارافریزی سادە لای (هۆی) بە تەواوی چونیەکە لەگەڵ هاوواتا و نزیکی هاوواتا لای (هالیدەی و حەسەن) (Halliday and Hassan: 1976). وشە هاوواتاکان دەشێ لە شێوەی هاوواتای تەواودا دەربکەون و بە تەواوی لە هەموو دەوروبەرێکدا لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وشانەش دەگرێتەوە کە نزیکی هاوواتان، واتە ماناکانیان نزیکە لەیەک و لە دەوروبەری دیاریکراودا دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە.

### ١- پارافرێزی سادەی ئاڵوگۆڕکراو (Simple mutual Paraphrase)

پـارافرێزی سـادەی ئـاڵوگۆڕکراو کاتێـک ڕوودەدات، کە یەکەیەکـی لێکسیکی دەگۆڕێ بۆ یەکەیەکی تری لێکسیکی، کە فۆڕمیان جیاوازە، بەڵام هەمان مەبەست دەگەیەنن. (Hoey M: 1996: 62) ئەم جۆرەی پارافرێز لە هەردووکیـان یـان سـەرجەم ئاڕاسـتەکانەوە دەتـوانێ ئـاڵوگۆڕ بە یەکە هاوواتاکـانەوە بکـات، واتە وشـە هاوواتاکـان دەتـوانن ئـاڵوگۆڕ لە شوێنەکانیان بکەن و شوێنی یەکتر بگرنەوە. بۆ نموونە:

(٦)- بەپێـی ڕوونکردنەوەیەکـی کەتیـبەی کوردسـتانی ئەلقاعیـدە و دەوڵەتـی ئیسـلامی عێـراق، کە لەسـەر ماڵپەڕەکەیـان بڵاوکـراوەتەوە، چـالاکییەکەی شـەوی سێشـەممەیان بە بەرنـامە بـووە و بە بەرنـامەش هـاتوونەتە نـاوچەی شـارباژێڕەوە. بەپێـی بەیاننـامەکە کـۆپیەکی دەسـت هـاوڵاتی کەوتـووە، سـریەی شـارەزور و سـریەی شـارباژێڕ و سـریەی گەرمیانی کەتیبەکانی کوردسـتانی سـەر بە دەوڵەتـی ئیسـلامی عێـراق، بە نەخشـەیەک دابەزینە نـاوچەی شـارباژێڕ... (ڕۆژنـامەی هـاوڵاتی، ژمـارە: ٣٥٢، ٢٠٠٧/٥/٩).

لە نمـــوونەی (٦)دا، دەشـــێ لێکســـیمی (نەخشـــەیەک) لە شـــوێنی (بەرنامەش) دابنرێت و (هاتوونەتە) بۆ شوێنی (دابەزینە) بگوازرێتەوە بێ ئەوەی هیچ گرفتێک لە دەقەکەدا بێنێتە ئاراوە.

### ٢- پاڕافرێزی سادەی ناتەواو (Simple Partial Paraphrase)

لە پـاڕافرێزی سـادەی نـاتەواودا کەرەسـتە پاتکراوەکـان تەنیـا لەیەک ئاڕاستەوە دەتوانن شـوێنی یەکتر بگرنەوە، (Hoey M: 1996: 62) بە پێچەوانەی جۆری پێشوو ناتوانرێ شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕی پێبکرێ، ئەگەر

بشـــتوانین یەکێـــک لە هاوواتاکـــان بگـــوازینەوە نـــاتوانین شـــوێنی هەردووکیان/سەرجەمیان ئاڵوگۆڕ بکەین.

(٧)- ئەو بـاڵای بەرزە، کەچـی هەرکەسـە و بە جـۆرێ دەیبینـێ، ئەوانەی خۆشیاندەوێ دەڵێن بەژن و باڵا عەرعەری، بەژنی دەڵێی چنارە، ئەوانەشـی کە خۆشـیان نـاوێ دەڵـێن دوور و درێـژە، ئەو درێـژییەی بە کەڵکی چی دێت.

لە نمـوونەی (٧)دا، هەریەکە لە (بـاڵابەرز، بەژن و بـاڵا عەرعەری، بەژن چنار، دوور و درێژ، درێژ) وەکو هاوواتـای یەکتر بەکارهێنراون، هەندێکیان دەکرێت ئاڵوگۆڕ لە شوێنەکانیان بکرێت، وەکو (باڵای بەرزە) ببـرێتە شـوێنی (بەژن و بـاڵا عەرعەری)، بەڵام نـاتوانین (دوور و درێـژ) ببەینە شوێنی (بەژن و باڵا عەرعەری)، کەواتە (دوور و درێژ، بەژن و باڵا عەرعەری) پارافرێزی ناتەواوی یەکترن.

## ب- پارافرێزی ئاڵۆز[٤] (Complex Paraphrase)

پـارافرێزی ئـاڵۆز کاتێـک دروسـتدەبێت، کە دوو دانەی لێکسـیکی لە دەقەکەدا هەیە، کە لە ڕووی واتـــاوە هەمـــان چەمکیـــان هەیە لە دەوروبەرێکـی چونیەکـدا، بەڵام هـیچ مـۆرفیمێکی لێکسـیکی هـاوبەش لە نێوانیاندا نییە. (Hoey M: 1996: 62). بە شێوەیەکی تر، کاتێک بەدیلێکـی ڕاسـتەوخۆمان نییە، لە شـوێنی دانە لێکسـیکییەکەی دابنێـین کە پێشـتر لە دەقەکەدا هـاتووە، بەڵام لە ڕێـگەی ناسـاندنی دانەیەکـی تـر، کە مانـاکەی چـونیەکە لەگەڵ دانە لێکسـیکییەکەی پێشـوو دەکـرێ شـوێنی بگـرێتەوە. پـارافرێزی ئـاڵۆز بەکـاردێ بـۆ باسـکردنی هەنـدێ جـۆری پەیوەندی لە نێوان یەکە لێکسیکییەکاندا، پارافرێزی ئاڵۆز کاتێک دروست دەبێ، کە دوو یەکەی لێکسیکی یان زیاتر ناسێنرابن، کە یەکێک لەو یەکە

لێکسیکییانە ئەوەی تر لەخۆدەگرێ، کە هیچ کام لەم یەکە لێکسیکییانە لە هەمان مۆرفیم سازنەکراون. پارافرێزی ئاڵۆز لەژێر سێ لقە کەتیگۆری تردا وردتر دەبێتەوە و ئەم پەیوەندییانەش دەچنە ژێر بارییەوە:

### ١- دژواتا (Antonymy)

دژواتا یەکێکە لە سەرچاوەکانی دروستکردنی پاتکردنەوە، کە لە ڕێگەی پەیوەندیی پاڕافرێزی ئاڵۆزەوە، دانە لێکسیکییە پاتکراوەکان بەیەکەوە لینک دروست دەکەن، لە کاتێکدا کە یەکێک لەم دانە لێکسیکییانە پێچەوانەکەی لە ڕووی ماناوە لە پێشتردا هاتووە، ( Hoey M: 1996: 64) شایەنی وتنە دژواتا لێرەدا ئەو وشانە ناگرێتەوە کە لە ڕێگەی گیرەکەکانی نەرێکردن ماناکانیان پێچەوانە دەبێتەوە، وەک (ڕاستەوخۆ- ناڕاستەوخۆ، بەهێز-بێهێز، بڕۆ-مەڕۆ ... هتد)، چونکە ئەمانە لە هەمان یەکەی لێکسیکی دروستکراون، بۆیە دەبن بە پاتکردنەوەی لێکسیکی، بەڵام هەندێ وشەی دژواتا لە زماندا هەن، کە وەکو جووت دەردەکەون هەریەکەیان یەکەیەکی لێکسیکیی سەربەخۆن. وەک (سارد-گەرم، تەڕ- وشک، گەورە-بچووک، جوان-ناشیرین، پیر-گەنج ... هتد) ئەمانە دژواتان لە پارافرێزی ئاڵۆزدا.

### ٢- سێگۆشەی پەیوەندی (Link triangle)

پەیوەندیی سێگۆشەیی پەیوەندیی لێکسیکی یەکە لێکسیکییەکان دەگرێتەوە، کە هەمان مانا دەگەیەنن لە دەقێکی دیاریکراودا. هۆی (Hoey) ئەم جۆرەی وەکو یەکێک لە جۆرەکانی پارافرێزی ئاڵۆز ناساندووە، کە پەیوەستە بە جۆری دوای ئەوەوە کە ناوەندی ون (Mediator missing) ە. ئەگەر دوو وشە لە دەقدا پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت و لینکیان بەیەکەوە دروستکردبێت لە ڕێگەی یەکەی

لێکسـیکیی سـێیەمەوە بەیەکەوە بەسـترابنەوە، ئەمە دەبێتە هـۆی دروسـتکردنی لینـک لە نێـوان دوو دانە لێکسـیکییەکە، کە ناوەنـدی ون لە نێوانیانـدا هەیە، بە پێچەوانەشـەوە پێشـتر بەیەکەوە نەبەسـتراونەتەوە. (Hoey M: 1996: 65) ئەم چەمکەی بۆ مەبەستی ناوەندی ون (Mediator messing) دانـاوە، کە یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکـان بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە دەقەکەدا دەرنـاکەوێ، لەبـری ئەوە بە کەرەستەیەکی تر ئاماژەی بۆ دەکرێت، واتە کاتێک دوو دانەی لێکسیکی لە دەقەکەدا، لە هەمـان مۆرفیم دروسـت نەبـوونە، ماناکانیـان بە تەواوی لە هەموو بارودۆخێکدا بۆ یەکتر گونجاو نییە، بەڵام پەیوەندیشیان بەیەکەوە هەیە لە ڕێگەی پەیوەندیی سێیەمەوە ناوەندە ونەکە دەدۆزرێتەوە.




هێڵکاری ژمارە (٢) پەیوەندی سێگۆشەیی

لەم هێڵکـارییەی سـەرەوەدا لێکسـیکەکانی (وێنەگـر و فۆتـۆگرافەر)، پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆ ئەم دوو لیـنکەی بەیەکەوە بەسـتۆتەوە و پـارافرێزی سـادەی یەکتـرن. پەیوەنـدیی نیـوان (وێنەگـر و وێنەگـرتن)

پەیوەنـــدییەکی ڕاســـتەوخۆیە، ئەم دوو لیـــنکە بە پـــاتکردنەوەی ئـــاڵۆز دادەنرێـت، چـونکە هەردووکیـان لە هەمـان مـۆڕفیم دروسـتبوونە، واتە مۆڕفیمی هـاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام (وێنەگر) سـەر بە کەتیگۆری نــاوە و (وێنەگــرتن) چــاوگە، هەرچــی پەیوەنــدیی نێــوان (وێنەگــرتن و فۆتـۆگرافەر)ە، پەیوەنـدییەکی ناڕاسـتەوخۆیە، چـونکە لە هەمـان مـۆڕفیم دروست نەبوون و ناتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و هاوواتا نین، تەنیا هاوبەشـــن لە چەمکـــی ئەنجامـــدانی پڕۆســـەکە، کە وێنەگـــرتنە و ئەنجامدەرەکەی کە فۆتۆگرافەرکەیە.

## ٣- ناوەندی ون (بزر) (The Mediator missing)

لە هێڵکاری ژمـارە (٢)دا پەیوەنـدیی سیانی نێـوان سێ دانەی زمـانی خــرایەڕوو، کە لە (وێنەگــر، وێنەگــرتن و فۆتــۆگرافەر) پێکهــاتووە، لەم پەیوەنـدییە سـیانییەدا (triple)، یەکێک لە دانە زمانییەکـان لە هەریەکە لە دۆخەکان ڕۆڵی ناوەندگیر دەگێڕێت لە نێوان دوانەکەی تر) ( Hoey, M: 66 :1994). بە شێوەیەک وێنەگر نێوەندگیری وێنەگرتن و فۆتۆگرافەرە، وێنەگـرتن نێوەنـدگیری وێنەگـر و فۆتـۆگرافەرە، فۆتـۆگرافەر نێوەنـدگیری وێنەگـر و وێنەگـرتنە. پەیوەنـدیی نێـوان (وێنەگـر و وێنەگـرتن) لە ڕێـگەی ڕۆنـانەوە دروسـتبووە، هەردوو دانەکە لە هەمـان مـۆڕفیم دروسـتبوون. پەیوەنـدیی (وێنەگـر و فۆتـۆگرافەرە) پەیوەنـدییەکی لێکسـیکییە و وەکـو هاوواتا لەبری یەکتـر بەکاردەهێنرێن، کە فۆتـۆگرافەر لە ڕێگەی پڕۆسـەی قەرزکــردن (Borrowing) هــاتۆتە نــاو زمــانی کــوردییەوە، هەرچــی پەیوەنــدیی نێــوان (وێنەگــرتن و فۆتــۆگرافەر)ە، ناوەنــدێکی ون هەیە، ناتوانرێ بوترێ ئەمـانە پەیوەسـت نین لەگەڵ یەکتر، نە هاوواتـان و نە لە هەمان مۆڕفیم پێکهاتوون، ناوەندە بزرەکە لێرەدایە، کە دەستنیشاننەکراوە.

## سێیەم: پەیوەندییە واتاییەکانی تر

فاکتەرێکی باوی دیکەی پاتکردنەوە لە ڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان لێکسیمەکان دروست دەبێ، ئەمەش بە زۆری بە جێگیرکردنی دانەیەکی لێکسیکی لە جێگەی دانەیەکی تردا، کە مانای نزیک لەیەک دەبەخشن دەگرێتەوە. تەنیا یەکێکیان چەمکێکی فراوان و ئەوەی تریان چەمکی تایبەتی تری هەیە. پاتکردنەوەی ئەم دانە لێکسیکییانە دەشێ بە شێوەیەک بێت، کە لە لێکسیمی گشت بەرەو تایبەت بڕوات، یان بە پێچەوانەوە. مەرجە دوایین یەکە، کە پاتدەکرێتەوە هەمان زانیاری و مانای یەکەی پێشووتری لەخۆگرتبێ. (Hoey M: 1996: 69) چۆنیەتی ڕیزبەندی و بە دواییەکداهاتنی وشە گشتی و بەشە پێکهێنەرەکانی لە دەقێکی دیاریکراودا بایەخی زۆری هەیە، بەڵام شێوازی ڕیزبوونی یەکە لێکسیکییەکان بە هەرجۆرێک بێت، لە بەشەوە بۆ گشت یان بە پێچەوانەوە، ئەوەی جێگەی بایەخە مانا و ئاماژە هاوبەشەکەیە، کە ئەم یەکە لێکسیکییانە هەڵیانگرتووە، نەک گۆڕانکاری لە شێوازی ئاماژە پێدانەکەی. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند جۆرێکی پەیوەندیی نێوان ئەم یەکانە دەکرێ:

### ١- سەرخان (Superordinate)

سەرخان، پەیوەندیی نێوان دوو یەکەی لێکسیکییە، کە یەکێک لەم دوو یەکانە گشتگیرترە لەوەی تر و چەند یەکەیەک لەخۆدەگرێت کە بەشێکن لێی، واتە سەرخان وشە گشتییەکەیە و لە سەرەوەی بەش و پۆلێنەکە دادەنرێ، دەشێ لە پۆلێنێکدا، کە لە گەورە بۆ بچووک ڕیزدەکرێن، چەند سەرخانێک هەبێ.




**هێڵکاری ژمارە (٣) سەرخان و هایپۆنیمەکانی**

## ٢- هایپۆنیمی و هاوهایپۆنیمی (Hyponymic and co-hyponymic)

هایپۆنیمی پەیوەندیی واتاییی نێوان دوو وشەی لێکسیکی یان زیاتر دەگرێتەوە، کە چەند یەکەیەکی تایبەت بە یەکەیەکی گشتی دەبەستنەوە، (Hoey M: 1996: 69) ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ سەرخان، واتە هایپۆنیمی واتایەکی تایبەتی هەیە بە بەراورد بە سەرخان، هەرچی هاوهایپۆنیمییە پەیوەندیی نێوان هایپۆنیمەکانە. لە هێڵکاری (٣)دا (مێ، نێر) هایپۆنیمی (مرۆڤ)ن و ئەوپەیوەندییەی کە (مێ، نێر)ی بەیەکەوە بەستوەتەوە هاوهایپۆنیمە.

## ٣- هاوئاماژە (Co-reference)

هاوئاماژە بە پەیوەندیی واتایی نێوان دوو لێکسیم دەگوترێ، کە هەردووکیان ئاماژە بۆ هەمان کەس/شت دەکەن و بۆ یەک دەگەڕێنەوە، (Hoey M: 1996: 70) واتە دوو یەکەی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە هەمان سەرچاوەیان هەیە، بە شێوەیەک بە ناوهێنانی هەریەکێکیان ڕاستەوخۆ ئەوەی تریان ئاشکرا دەبێ، بەڵام پێویستی بە زانیارییە

لەبارەی ئەو بابەتەوە یان پۆست و خاوەنی پۆست و کات و شوێن بۆ دیاریکردنی یەکە هاوئاماژەکان. پێویستە لەکاتی دەستنیشانکردنی هاوئاماژەکاندا ڕەچاوی کات و شوێن بکرێ، بۆ نموونە کاتێک دەوترێ (سەرۆک کۆمار) پێویستە ناوی وڵاتەکە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەگەرنا ناتوانرێ دەستنیشانی هاوئاماژەکان بکرێ، چونکە چەندین وڵات هەیە سەرۆک کۆماریان هەیە، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بۆ کاتەکەشی بکرێ. لەساڵی (٢٠٠٦)دا، (جەلال تاڵەبانی) هاوئاماژە بوو لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) هاوئاماژە لەگەڵ یەکتری دروست ناکەن.

## ٢- پاتکردنەوەی لێکسیکی لە نێوان دەقی زانستی و ئەدەبیی کوردیدا

### ٢-١ لایەنی ئاماریی توێژینەوەکە

بەشی دووەمی توێژینەوەکە بەشێکی شیکارییە بە شێوەی ئامار، لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، بریتییە لە ئاماری پاتکردنەوە لە نێوان دەقی زانستی و ئەدەبیدا، تیایدا ڕێژەی بەکارهێنانی پاتکردنەوە لە دوو دەق لە بوارەکانی (ئەدەبی و زانستی) وەرگیراون، لە پێناو گەیشتن بە هاوسەنگی و جیاوازیی ڕێژەکانیان و بەراوردکردنیان بە یەکتری، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامێکی گشتی.

### ٢-٢ کۆمەڵگای ئاماری

ناونیشانی توێژینەوەکە ئەوە دەسەپێنێ کە دیاردەی پاتکردنەوە لە زمانی کوردیدا باس دەکات، مەبەستیش شێوازی ناوەڕاستە کە زمانی فەرمییە لە باشووری کوردستان، زمانی کوردیش لە چەند شێوازێکی جیاواز پێکدێت، لەوانە ئەدەبی و زانستی... هتد بۆ مەبەستی ئەوەی کە وێنەیەکی گشتی لە پاتکردنەوە بخرێتەڕوو، هەوڵدراوە کە دوو شێوازی

جیاواز بکرێن بە یەکەی ئاماریی توێژینەوەکە بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتیی کۆمەڵگای ئامارییەکە دروست ببێت کە زمانی کوردییە و لە بەشە تیۆرییەکەشدا نموونەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە بواری هەمەچەشندا وەگیراون.

## ٢-٣ هەڵبژاردنی نموونە

لەم بەشەدا بە مەبەستی شیکاری و دیاریکردنی نموونەکان، کە بە شێوەی هەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردراون، بۆ زانینی جیاوازیی شێوازی زانستی و ئەدەبی، بە پەسەند زانرا دوو دەق لەم بوارانەدا هەڵبژێردرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

نموونەی زانستی؛ لەبەرئەوەی پاتکردنەوە دیاردەیەکی بڵاوە و هەندێ جار کاریگەرە بە جیاوازیی تاکایەتی، لە نووسەرێک بۆ نووسەرێکی تر یان ڕەگەزێک بۆ ڕەگەزێکی تر دەگۆڕێت، بە پێویست زانرا کە نموونەیەک لە دەقی زانستی وەربگیرێ، لەبەرئەوەی پێشبینی دەکرێ کە زمانی زانست زمانێکی سادەتر بێت و هەست و سوز و شێوازی ئەدەبی یان جیاوازیی تاکایەتی تیدا زاڵ نەبێت. لە لایەکی تریشەوە نزیکە یان جۆرێکە لە شێوازی فەرمی، کە شێوازی فەرمیش پێویست بوو ببێتە نموونەیەکی ئاماریی توێژینەوەکە، بۆیە ئەم شێوازە زانستییە بە ئەلتەرناتیڤێکی شێوازی فەرمیش دادەنرێ. سەرەڕای ئەوانەش گرنگیی ئەم نموونە ئامارییە لەوەدایە کە شێوازی گفتوگۆی نێوان قسەکەر و گوێگر (دایەلۆگ)ی تیدا نییە، ئەمەش گۆشەیەکی تری وێنە گەورەکە دەخاتە بەردەست، بۆ ئەو مەبەستە دەقێکی زانستیی پەڕتووکی قوتابخانەکان وەرگیراوە، کە بریتییە لە بابەتی (زانست بۆ هەمووانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی) ئەم دەقە بە شێوەی هەڕەمەکی دەستنیشانکراوە، بەڵام بە مەبەست (پۆلی نۆیەم) وەرگیراوە، چونکە ئەم

پۆله له ئاستێكی نێوەندگیری خوێندندایه، جێگای سەرنجه كه زمانی ئەم دەقه زانستییه گرفتی تێدایه و به كوردییەكی ڕەوان نەنووسراوە و كاریگەریی دەقه ڕەسەنەكه یان وەرگێڕانی زۆر به زەقی پێوە دیاره، بەڵام به هەر جۆرێك بێت ئەوە نموونەیەكی زمانه و لەبەردەستی بەشێكی زۆری ئاخێوەرانی ئەو زمانەدایه كه بریتین له فێرخوازانی ئەو قۆناغەی خوێندن. نموونەی ئەدەبی؛ به پێویست زانرا دەقێكی ئەدەبیش بخرێته ژێر شەبەنگی تویژینەوەكه، بۆ ئەوەی شێوازی ئەدەبیش كه خەیاڵ و پاتكردنەوەی ئەدەبی به شێوازی جیاجیا له لایەن ئەدیبەوە بەكاردێت شیبكرێتەوە، بەم شێوەیه ئەو ئامارانەی كه كراوە ڕوومالێكی گشتییه بۆ زمان.

## ٢-٤ ئامانج و پرسیاری شیكردنەوە

ئامانج لەو شیكردنەوەیه ئەوەیه كه به شێوەی ئامار ڕێژەی پاتكردنەوە و جۆرەكانی له زمانی كوردیدا دیاری بكات، سەرەڕای دیاركردن بەراورد له نیوان شێوازەكانی زماندا بكا، بۆ ئەوەی بزانرێ له نیوان شێوازی ئەدەبی و زانستی دیاردەی پاتكردنەوە یەكسانه یان به ڕێژەی جیاواز بەكاردێت، هەروەها نیشاندانی ئەوەی كه له دەقەكاندا كامه جۆر زیاتر بەكاردەهێنرێ لەگەڵ خستنەڕووی هۆكاری جیاوازییەكان، ئەم ئامانجانەش دەبن به پرسیاری شیكردنەوەكان.

## ٢-٥ چۆنیەتیی شیكردنەوەكە

دەقەكان بۆ یەكەی واتایی پۆلێنكراون، كه بریتییه له گوتن. لەبەرئەوەی پاتكردنەوە دیاردەیەكی واتاییه لەم تویژینەوەیەدا لەسەر بنەمای واتا دەقەكان بەپێی گوتن دابەشكراون، نەدەكرا لەسەر بنەمای ڕۆنان دابەشبكرێ، واته بۆ هەر ڕستەیەك ژمارەیەك دابنرێت، بەڵكو بۆ

هەر گوتنێک ژمارەیەک دانراوە، کە دەشێ هەندێ جار گوتنێک لە ڕستەیەک زیاتر پێکبێت، دەقەکانیش بە شێوەی ژمارە بەندییەکەیان لە توێژینەوەکەدا نووسراونەتەوە، کە خوێنەر هەرکاتێک بیەوێت دەتوانی بۆی بگەڕێتەوە، دواتر ژمارە بۆ گوتنەکان دانراوە، (٩) گوتن لە هەریەک لە دەقەکان وەگیراون، ئینجا لە خشتەیەکی پرۆگرامی ئەکسڵدا شیکردنەوەی بۆ کراوە، خشتەکە پێکهاتووە لە شەش ستوون کە بەم شێوەیە بەکارهاتوون:

ستوونی یەکەم: ژمارەی ئەوگوتنانەیە کە لە دەقەکەدا دیاری کراون. ستوونی دووەم: واتە ژمارەی پاتکردنەوە، مەبەست ئەوەیە چەند پاتکردنەوە لەو گوتنەی کە لە خانەی لای ڕاست تۆمارکراوە هەیە، واتە ژمارەی پاتکردنەوەکانی هەر گوتنێکە. ستوونی سێیەم: بریتییە لەو کەرستەیەی کە بۆتە هۆی پاتکردنەوەکە. ستوونی چوارەم و پێنجەم: پێکهاتووە لە جۆری پاتکردنەوە، بەپێی ئەو پۆلێنەی کە بۆ پاتکردنەوە خراوەتەڕوو، جۆری پاتکردنەوەکە لەم ستوونەدا دەستنیشانکراوە. لە ستوونی پێنجەمیش لقی جۆری پاتکردنەوەکە دەستنیشانکراوە. لە ستوونی شەشەمدا ژمارەی گوتنی کەرەستە بنچینەییەکە تۆمارکراوە. لە کۆتا ستووندا کە (ژ. گوتنی لێوەرگیراو)ە، بریتییە لە تۆمارکردنی ئانافۆرا، ژمارەی ئەو گوتنە دیاریکراوە کە گوتنە بنچینەییەکەیە و پاتکردنەوەکە بۆی دەگەڕێتەوە.

### ٢-٦ دەقی زانستی: چەورییەکان

جۆرێکی دیکەی خۆراکە ماددەی پێویست لە ژەمە خۆراکی دروست، بریتییە لە چەورییەکان Fats (١) چەورییەکان خۆراکە ماددی کۆکەرەوەی وزەن (٢). لەش پێویستی بە چەورییە ماددەکان هەیە بۆ کۆکردنەوەی ڤیتامینەکان و گواستنەوەیان، هەروەها بۆ بەرهەم هێنانی

هۆڕمۆنەکان و هێشتنەوەی پێست بە ساغی و دابڕانی ژینگەی ناوەوەی لەش لە ژینگەی دەرەوەی لەشدا (٣)، جگە لەمانەش چەورییەکان بڕە وزەیەکی زیاتر لە کاربۆهێدرات و پرۆتینەکان دابین دەکەن. (٤) دوو جۆرە چەوری هەیە، چەورییە تێرەکان و چەورییە نا تێرەکان، (٥) بە زۆری چەورییە تێرەکان لە گۆشت و بەرهەمەکانی شیر و ڕۆنی گوێزی هیندی و خورمادا هەن. (٦) بە شێوەیەکی گشتی ئەو خۆراکە ماددانەی کە لە سەرچاوەی گیانەوەرییەوە دەست دەکەون، ئاستی کۆلیسترۆل لە خوێندا بەرز دەکەنەوە. (٧) کۆلیسترۆل ماددەیەکە لە چەورییەکان دەچێت بە شێوەیەکی سروشتی لە لەشدا هەیە، (٨) بەڵام ئەگەر ڕێژەکەی بەرز ببێتەوە لەوانەیە مرۆڤ توشی مەترسی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ بکات. (٩).

**٢-٦-١ خستنەڕوی ئاماری دەقی زانستی**

| ژ. گ | ژ. پ | کەرەستەی پاتکراوە | جۆری پاتکردنەوە | لقی پاتکردنەوە | ژ. گ. لێ | کەرەستەی پەیوەندیدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | | خۆراکە ماددە |
| | ٢ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | | خۆراکی دروست |
| | ٣ | خۆراک | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | خۆراک |
| ٢ | ١ | چەورییەکان | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | چەورییەکان |
| | ٢ | خۆراکە ماددە | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | ١ | خۆراکە ماددە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | چەوررییە ماددەکان | پ. لێکسیکی سادە | پ. بەشێکی فۆڕمەکە | ..٢،١ | چەورریەکان |
| | ٢ | کۆکردنەوە | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | | ٢ | کۆکەرەوە |
| | ٣ | ڤیتامینەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ..٢،١ | خۆراکە ماددە |
| | ٤ | لەش | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | لەش |
| | ٥ | ژینگە | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | ژینگە |
| | ٦ | دەرەوە | پاڕافرێزی ئاڵۆز | دژواتا | ٣ | ناوەوە |
| | ٧ | لەش | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | ٣،٤ | لەش |
| | ٨ | پێویستی | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | | ١ | پێویست |
| ٤ | ١ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ..٢،١ | خۆراکە ماددە |
| | ٢ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ١ | خۆراکی دروست |
| | ٣ | چەورییەکان | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | ..٢،١ | چەورییەکان |
| | ٤ | وزەیەک | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | ٢ | وزە |
| | ٥ | کاربۆهێدرات | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | | چەورییەکان |
| | ٦ | پرۆتین | پەیوەندییە | هاوهایپۆنیم | ..٢،١ | چەورییەکان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | واتاییەکان | | | |
| | ١ | چەوری | پ. لێکسیکی ساده | پ. هەمان فۆڕم | | چەورییەکان (٤) |
| | ٢ | چەورییە نا تێرەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | | چەورییە تێرەکان (٥) |
| ٥ | ٣ | چەورییە نا تێرەکان | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | | ٥ | چەورییە تێرەکان |
| | ٤ | چەورییە نا تێرەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ..٢،١ | چەورییەکان |
| | ٥ | چەورییە تێرەکان | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | | ٥ | چەورییە ناتێرەکان |
| | ٦ | چەورییە تێرەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ..٢،١ | چەورییەکان |
| ٦ | ١ | چەورییە تێرەکان | پ. لێکسیکی ساده | پ. هەمان فۆڕم | ٥ | چەورییە تێرەکان |
| ٧ | ١ | خۆراکە ماددە | پ. لێکسیکی ساده | پ. هەمان فۆڕم | ..٢،١ | خۆراکە ماددە |
| ٨ | ١ | کۆلیسترۆڵ | پ. لێکسیکی ساده | پ. هەمان فۆڕم | ٧ | کۆلیسترۆڵ |
| | ٢ | ماددەیەک | پ. لێکسیکی ساده | پ. هەمان فۆڕم | | ماددە، ماددەکان |
| | ٣ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ..٢،١ | خۆراکە ماددە |
| | ٤ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ١ | خۆراکی دروست |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥ | چەورییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ٢،٤ | وزە |
| | ٦ | چەورییەکان | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | ..٢،١ | چەورییەکان |
| | ٧ | لەش | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | ٣،٨ | لەش |
| ٩ | ١ | توشبوون | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | ٩ | توشبوون |
| | ٢ | نەخۆشی | پاڕافرێزی ئاڵۆز | دژواتا | ٣ | ساغ |
| | ٣ | بەرز | پاڕافرێزی سادە | پا. ناتەواو | ٤ | زیاتر |
| | ٤ | بەرز | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | ٧ | بەرز |

**خشتەی ژمارە (١) ئاماری جۆری پاتکردنەوەکانی دەقی زانستی**

ئەوەی کە لە سەرەوە خراوەتەڕوو دەقێکی زانستییە، کە وەکو سامپڵ وەرگیراوە، دەقەکە بەسەر (٩) گوتندا پۆلێنکراوە، لەم خشتەیەی سەرەوەدا سەرجەم گوتنەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی داتاکانی خراوەتەڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی هەمان فۆڕمی ڕیزبەندی و ڕێنووس و خاڵبەندیی ناو پەڕتووکەکە.

| لقی پاتکردنەوە | جۆری پاتکردنەوە | ژ. پاتکردنەوە | ڕێژەی سەدی پاتکردنەوە | ژ. پ. لقەکان | ڕێژەی سەدی لقەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پاتکردنەوەی لێکسیکی | پ. هەمان فۆرم | ١٧ | ٪٤٥ | ٢٢ | ٪٥٨ |
| | پ. بەشێکی فۆرمەکە | ١ | ٪٣ | | |
| | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | ٤ | ٪١٠ | | |
| پارافرێز | پا. سادەی ناتەواو | ١ | ٪٣ | ٣ | ٪٨ |
| | پا. ئاڵۆزی دژواتا | ٢ | ٪٥ | | |
| پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٠ | ٪٠ | ١٣ | ٪٣٤ |
| | هایپۆنیم | ١٠ | ٪٢٦ | | |
| | هاوهایپۆنیم | ٣ | ٪٨ | | |
| کۆی گشتی | | ٣٨ | ٪١٠٠ | ٣٨ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢) ئاماری ڕێژەی دەقی زانستی**

ئەم خشتەیەی سەرەوە تایبەتکراوە بۆ نیشاندانی ئاماری ژمارە و ڕێژەی سەدی سەرجەم کەتیگۆری و سەب کەتیگۆریی جۆرەکانی پاتکردنەوە لە دەقی زانستیدا. داتاکانی دەقی زانستی کە لە (٩) گوتن پێکهاتوون بەم شێوەیەن: تێکڕای ژمارەی بەکارهێنانی پاتکردنەوە لێکسیکییەکان بە سەرجەم لقەکانییەوە بریتییە لە (٢٢) جار لە کۆی (٣٨) جار پاتکردنەوەدا، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٥٨٪)ی دەقەکە، ئەمەش بەرزترین ئاستی بەشداری پاتکردنەوەی دەقەکەیە، ڕێژەکە لە پاتکردنەوەکەدا بەسەر ئەم لقانەدا دابەشدەبێت: (٤٨٪)ی بریتییە لە پاتکردنەوەی لێکسیکیی سادە، ئەویش (٤٥٪)ی لە شێوەی پاتکردنەوەی هەمان فۆرمدایە و (٣٪)ی پاتکردنەوەی بەشێکی فۆرمەکەیە، هەرچی پاتکردنەوەی لێکسیکیی ئاڵۆزە (١٠٪) لە دەقەکەدا بەکارهاتووە. پاتکردنەوە بە پەیوەندییە واتاییەکان لە پلەی دووەمدایە، کە (٣٤٪)ی دەقەکەی پێکهێناوە، لەم ڕێژەیەش هایپۆنیم بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەبووە کە (٢٦٪)ە و هاوهایپۆنیمیش (٨٪)ی دەقەکەی پێکهێناوە، هەرچی

سەرخانە هیچ بەشدارییەکی لە دەقەکەدا نەبووە، ڕێژەکەی (٠٪)ە. هەرچی پارافریزکردنە، کە (٨٪)ی دەقەکەی پێکهێناوە، ئەمەش نزمترین ڕێژەی بەشدارییە، کە (٣٪)ی بە پارافریزی سادە پاتکراوەتەوە لە جۆری ناتەواو و (٥٪)یشی بە پارافریزی ئاڵۆز پاتکردنەوەکە دروستبوونە، هەمووشیان لە شێوەی دژواتادایە.




ئەم چارتەی سەرەوە ڕێژەی سەدی جۆری پاتکردنەوەکانی دەقی زانستی دەنوێنێ، تیایدا بەرزترین ڕێژەی پاتکردنەوەکان بەر پاتکردنەوە لێکسیکییەکان کەوتووە کە (٥٨٪)ە، دواتر پاتکردنەوە بە پەیوەندییە واتاییەکان لە پلەی دووەمدایە و (٣٤٪) بەکارهاتووە، هەرچی پارافریزە نزمترین ڕێژەی بەشداری هەبووە، کە بریتییە لە (٨٪).

### ٢-٧ دەقی ئەدەبی: تەمی سەرخەرەند

کاکی خۆم لە چ زەمان و سەردەمێکدا شتی وا بووە (١)... هەر هەمووی غەزەبی خودایە (٢)، ئەوە نیشانەیە و نۆرە دێتە سەر ئێمەش (٣)... ئەوەندە شتی سەیر و سەمەرە ڕوودەدەن کە دەلیلە ئاخیر زەمان نزیک بویتەوە (٤)... ئەمن بیستیتم بەدەم بای غارەوە هەر چوار پەلی

ئەسـپەکان دەشـکێن و ... سەرسـمدان و دەم بەیەک دادانیـان یەکـێکە (٥)، گوایە یەکەمجار کوێراییان دادێ و هیچ نابینن (٦)، نـا... بـرا دەردەکە لەوە قورسـترە کەس بزانـێ لە چاوان دەبیـنن یـان لە گوێیـان (٧)... قوربـان لە ئـــاواییەکەی ئـــێمەدا چەمێکمـــان هەیە و لەوەتەی ئـــێمە هەیـــن و لە باوباپیرانەوە کەس نەیبیستوە کرم لە ماسی بدات (٨)، کرم... بەڵێ کرم ئەمساڵ هەر هەموو ماسییەکانی ناو ئەو چەمەی کوشت (٩).

**٢-٧-١ خستنەڕوی ئاماری دەقی ئەدەبی**

| ژ. گ | ژ. پ | ک. پاتکراوە | جۆری پاتکردنەوە | لقی پاتکردنەوە | ژ. گ. لێ | ک. پەیوەندیدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | سەردەم | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ١ | زەمان |
| ٤ | ١ | شت | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | شت |
| | ٢ | ئاخیر زەمان | پ. لێکسیکی سادە | پ. بەشێکی فۆڕمەکە | | زەمان |
| | ٣ | زەمان | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | زەمان |
| | ٤ | زەمان | پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | | سەردەم |
| ٥ | ١ | دەم بە یەکدادان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٥ | سەرسمدان |
| | ٢ | سم | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | | ئەسپ |
| ٦ | ١ | هیچ نابینن | پاڕافرێزی سادە | پ. ئاڵوگۆڕکراو | ٦ | کوێراییان دادێ |
| | ٢ | یەکەم | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٥ | چوار |
| ٧ | ١ | برا | پاڕافرێزی سادە | پ. ئاڵوگۆڕکراو | ١ | کاک |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢ | دەردەکە | پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٦ | کوێرایان دادێ |
| | ٣ | دەردەکە | پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | | هیچ نابینن |
| | ٤ | دەردەکە | پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٥ | سەرسمدان |
| | ٥ | دەردەکە | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ٢ | غەزەبی خوا |
| | ٦ | دەردەکە | پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٥ | دەم بە یەکدادان |
| | ٧ | دەبینن | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | | ٦ | نابینن |
| | ٨ | دەبینن | پاڕافرێزی ئاڵۆز | دژواتا | | کوێرایان دادێ |
| | ٩ | گوێیان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٧ | چاوان |
| ٨ | ١ | قوربان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ١ | کاکی خۆم (٦) |
| | ٢ | قوربان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٧ | برا |
| | ٣ | باب و باپیران | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | | کەس |
| | ٤ | کەس | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | | کەس |
| | ٥ | کەس | پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٨ | باب و باپیران |
| | ٦ | نەبیستوە | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | | ٥ | بیستیتم |
| | ٧ | نەبیستوە | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٦ | کوێرایان دادێ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٨ | نەبیستوە | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | | هیچ نابینن |
| | ٩ | کرم | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٥ | ئەسپ |
| | ١٠ | ماسی | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | | ئەسپ |
| | ١١ | ماسی | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٨ | کرم |
| ٩ | ١ | کرم | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٥ | ئەسپ |
| | ٢ | کرم | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٨ | ماسی |
| | ٣ | کرم | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | | کرم |
| | ٤ | بەڵێ | پاڕافرێزی ئاڵۆز | دژواتا | ٧ | نا |
| | ٥ | کرم | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٥ | ئەسپ |
| | ٦ | کرم | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٨ | ماسی |
| | ٧ | کرم | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆرم | ٨،٩ | کرم |
| | ٨ | ئەمساڵ | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | ١ | زەمان |
| | ٩ | ئەمساڵ | پەیوەندییە واتاییەکان | هایپۆنیم | | سەردەم |
| | ١٠ | ماسییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٥ | ئەسپ |
| | ١١ | ماسییەکان | پەیوەندییە واتاییەکان | هاوهایپۆنیم | ٨ | کرم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٢ | ماسییەکان | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | ماسی |
| | ١٣ | چەم | پ. لێکسیکی سادە | پ. هەمان فۆڕم | | چەم |

**خشتەی ژمارە (٣) ئاماری جۆری پاتکردنەوەکانی دەقی ئەدەبی**

لەم خشتەیەی سەرەوەدا گوتنەکانی ئەم دەقەی سەرەوە دەخرێنتەڕوو، کە کۆی دەقەکە لە (٩) گوتن پێکهاتووە، لە خشتەکەدا سەرجەم گوتنەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی داتاکانی خراونەتەڕوو لەگەڵ دەستنیشانکردنی ژمارە و جۆر و لقی پاتکردنەوەکان و ئاماژەدان بەو کەرەستەیەی کە پاتکراوەتەوە لەگەڵ ئەوەشی کە لەگەڵیدا پەیوەست بووە، بە لەبەرچاوگرتنی هەمان فۆڕمی نووسین لە ڕێنوس و خاڵبەندی و زنجیرەی نووسینەکەش.

| لقی پاتکردنەوە | جۆری پاتکردنەوە | ژ. پاتکردنەوە | ڕێژەی سەدی پاتکردنەوە | ژ. پ. لقەکان | ڕێژەی سەدی لقەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پاتکردنەوەی لێکسیکی | پ. هەمان فۆرم | ٧ | ٪١٧ | ١٠ | ٪٢٤ |
| | پ. بەشێکی فۆرمەکە | ١ | ٪٢ | | |
| | پ. لێکسیکی ئاڵۆز | ٢ | ٪٥ | | |
| پاڕافریز | پا. سادەی ئاڵوگۆڕکراو | ٢ | ٪٥ | ٤ | ٪١٠ |
| | پا. ئاڵۆزی دژواتا | ٢ | ٪٥ | | |
| پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٦ | ٪١٤ | ٢٨ | ٪٦٦ |
| | هایپۆنیم | ٦ | ٪١٤ | | |
| | هاوهایپۆنیم | ١٦ | ٪٣٨ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٢ | ٪١٠٠ | ٤٢ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٤) ئاماری ژمارە و ڕێژەی پاتکردنەوەکانی دەقی ئەدەبی**

خشتەی ژمارە (٤) تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوی ئاماری ژمارە و ڕێژەی سەدی گشت جۆرەکانی پاتکردنەوە لە دەقی (ئەدەبی)دا. ئەم دەقە لە (٩) گوتن پێکهاتووە کە (٤٢) پاتکردنەوەی لەخۆگرتووە و بەم شێوەیە بەکارهاتوون؛ پەیوەندییە واتاییەکان ڕێژەی بەکارهێنانیان (٪٦٦)ە، ئەمەش بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانە بە بەراورد بە جۆرەکانی تری دەقەکە، لەو ڕێژەیەش سەرخان و هایپۆنیم هێندەی یەک بەکارهێنراون، کە (٪١٤)یە بۆ هەریەکەیان، هاوهایپۆنیم (٪٣٨) لە دەقەکەدا بەکارهێنراوە. ڕێژەی بەکارهێنانی پاتکردنەوە لێکسیکییەکان بە سەرجەم لقەکانییەوە بریتییە لە (١٠) جار کە ڕێژەکەی دەکاتە (٪٢٤)ی دەقەکە، کەواتە بەکارهێنانی لە پلەی دووەمدایە. ڕێژەکە لە پاتکردنەوەی لێکسیکیدا بەسەر ئەم لقانەدا

دابەش دەبێ: لەو ڕێژەیە (١٩٪)ی بریتییە لە پاتکردنەوەی لێکسیکیی سادە، ئەویش (١٧٪)ی لە شێوەی پاتکردنەوەی هەمان فۆڕمدایە و (٢٪)ی پاتکردنەوەی بەشێکی فۆڕمەکەیە، هەرچی پاتکردنەوەی لێکسیکیی ئاڵۆزە (٥٪)ە. کۆتا جۆر کە لە ڕێگەیەوە پاتکردنەوە دروستکراوە پارافرێزکردنە، کە (١٠٪)ی دەقەکەی پێکهێناوە، ئەمەش دەکاتە نزمترین ئاستی بەشداری دەقەکە، هەریەک لە پارافرێزی سادەی ئاڵوگۆڕکراو و پارافرێزی ئاڵۆزی دژواتا (٥٪) بەکارهێنراون، جگە لەو دوو جۆرە (ئاڵوگۆڕکراو، دژواتا) هیچ جۆرێکی تری پارافرێز بەکارنەهاتووە.




لەم چارتەی سەرەوەدا کە تیایدا ڕێژەی سەدی جۆری پاتکردنەوەکانی دەقی ئەدەبی نیشاندراون، بەرزترین ڕێژەی پاتکردنەوەکان بەر پەیوەندییە واتاییەکان کەوتووە کە (٦٦٪)ە، دواتر پاتکردنەوەی لێکسیکی لە پلەی دووەمدایە و (٢٤٪) بەکارهاتووە، هەرچی پارافرێزە نزمترین ڕێژەی بەشداری هەبووە، کە بریتییە لە (١٠٪).

| لقی سەرەکی پاتکردنەوە | جۆری پاتکردنەوە | زانستی | لقی سەرەکی | ئەدەبی | لقی سەرەکی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پاتکردنەوەی لێکسیکی | پاتکردنەوەی هەمان فۆرم | ٪٤٥ | ٪٥٨ | ٪١٧ | ٪٢٤ |
| | پاتکردنەوەی بەشێکی فۆرمەکە | ٪٣ | | ٪٢ | |
| | پاتکردنەوەی لێکسیکی ئاڵۆز | ٪١٠ | | ٪٥ | |
| پاڕافریز | پاڕفریزی سادەی ئاڵوگۆڕکراو | ٪٠ | ٪٨ | ٪٥ | ٪١٠ |
| | پاڕفریزی سادەی ناتەواو | ٪٣ | | ٪٠ | |
| | پاڕفریزی ئاڵۆزی دژواتا | ٪٥ | | ٪٥ | |
| پەیوەندییە واتاییەکان | سەرخان | ٪٠ | ٪٣٤ | ٪١٤ | ٪٦٦ |
| | هایپۆنیم | ٪٢٦ | | ٪١٤ | |
| | هاوهایپۆنیم | ٪٨ | | ٪٣٨ | |
| کۆی گشتی | | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٥) ئاماری ژمارە و ڕێژەی سەدی پاتکردنەوەکانی دەقی زانستی و ئەدەبی**

لەم خشتەیەی سەرەوەدا ڕێژەی سەدی لقە سەرەکییەکانی پاتکردنەوە و جۆرەکانیان لە هەردوو دەقی زانستی و ئەدەبیدا نیشاندراون، لە ستوونەکانی (سێیەم و پێنجەم)دا ڕێژەی سەدی هەریەک لە جۆرەکان خراوەتەڕوو، لە ستوونەکانی (چوارەم و شەشەم)دا ڕێژەی سەدی لقە سەرەکییەکان خراوەتەڕوو.




## ٢-٨ گفتوگۆ و ئەنجام

ئەم هێڵکارییەی سەرەوە بەراوردی نێوان لقەکانی پاتکردنەوەی (لێکسیکی، پارافرێز و پەیوەندییە واتاییەکان) لە دەقەکانی (زانستی و ئەدەبی) دەنوێنێ، ئەگەر سەیری جیاوازی و هاوسەنگیی ڕێژەی بەکارهێنانی پاتکردنەوەی لێکسیکی بکرێ لە نێوان دەقەکاندا جیاوازییەکی گەورە دەبینرێ، ئەم پاتکردنەوەیە لە دەقی زانستیدا (٥٨٪)ی هێلکارییەکەی داپۆشیوە، لە بەرانبەردا لە دەقی ئەدەبیدا (٢٤٪)ی دەقەکەی پێکهێناوە، ڕێژەی جیاوازی نێوانیان دەکاتە (٣٤٪). جیاوازیی نێوانیان لە بەکارهێنانی پاتکردنەوەی لێکسیکیدا بە شێوەیەکە لە دەقی زانستیدا پاتکردنەوە لێکسیکییەکان نزیکەی دوو ئەوەندە و نیوی دەقی ئەدەبی بەکارهاتووە، هۆکاری ئەم جیاوازییە ئاشکرایە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەقی زانستی دەبێ بە زمانێکی ڕوون و سادە بنووسرێ، لێکسیمەکان بە هەمان واتای سیمانتیکییان بەکاربهێنرێن و دواتریش لە کاتی پێویستدا بە هەمان فۆڕم پاتبکرێنەوە، لە لایەکی ترەوە دەقە زانستییەکە بۆ قۆناغێکی مامناوەند نووسراوە، کە پێویستە ڕەچاوی ئەوەی تێدا بکرێ بە ئاشناترین هێمای زمانی کەرەستەکان پاتبکرێنەوە بۆ ئەوەی فێرخوازانی

ئەم قۆناغە بە ئاسانی تێیبگەن. لەوانەیە ئەگەر ڕێژەی دەقێکی زانستی لە قۆناغێکی بەرزتری وەک (بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) وەربگیرابا، ئەنجامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبا، بەهۆی ئەوەی زانیارییەکان بە شێوازێکی تر نیشاندرابان و هێمای ئاڵۆزتری زمانی بەکارهێنرابان هەروەها پاتکردنەوە لێکسیکییەکان بەرزترین ئاستی هەیە لە دەقە زانستییەکەدا بە بەراورد بە جۆرەکانی تری پاتکردنەوە، هەرچی دەقی ئەدەبییە نووسەر هەوڵدەدا بە زمانێکی ئەدەبیی بەرز بیرەکانی دابڕێژێت و خۆی بە دوور بگرێ لە پاتکردنەوەی یەکە لێکسیکییە هەمان فۆڕمەکان، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێ بۆچوون ( Quirk et al: 1441 :1985) پاتکردنەوەی لێکسیکی بە تایبەت هەمان فۆڕم بە کەموکوڕی زمانی دەزانن. لەبارەی بەراوردکردنی ڕێژەی پاتکردنەوەکان لە ڕێگەی پارافرێزەوە لە نێوان دەقەکاندا، ئەوە بەدیدەکرێ کە جیاوازیی ڕێژەی پارافرێزکردن لە دەقی (زانستی و ئەدەبی)دا (٢٪)ە، بەشێوەیەک کە لە دەقی زانستیدا (٨٪) و لە دەقی ئەدەبیدا (١٠٪)یە، ئەم ڕێژەیەش ئەوە نیشاندەدا کە پاتکردنەوە بە پارافرێزکردن لە دەقی ئەدەبیدا زیاتر بەکارهاتووە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەری دەقی ئەدەبی بە دوای ئەو وشانەدا دەگەڕێ کە جیاوازبێ لەو فۆڕمەی پێشتر نووسیویەتی، نووسینەکان لایەنێکی سۆزداری بەسەریاندا زاڵە، وا لە نووسەر دەکات نووسینەکانی تێکەڵ بە ئەندێشە و خەیاڵ بکات و هێمای زمانیی پڕاگماتیکی بەکاربهێنێ، بە شێوەیەک نووسینەکە مانایەکی قوڵ بدات و پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە هەبێ، بۆیە لە کاتی پاتکردنەوەدا خۆی لە پاتکردنەوەی لێکسیکی بە دووردەگرێ، لەبری ئەوە پاتکردنەوەی پارافرێزی هەڵدەبژێرێ و لۆژیکی بابەتی نووسینەکان بەپێی خەیاڵی نووسەرەکە دادەنرێ و وەسفدەکرێ، بەڵام لە دەقی زانستیدا کە ڕێژەکەی کەمترە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەقی زانستی دەبێ دووربێ لە زمانی پڕاگماتیکی و ئاڵۆز و بەکارهێنانی لێکسیمی جیاواز و لە

بەرانبەریشدا تیشک لەسەر ڕوونی و لۆژیکیی زانستەکەیە کە تیایدا وشە لێکسیکییەکان بۆ هەمان مەبەستی خۆیان بەکاردەهێنرێن، ئەمەش لە پێناو گەیاندنی زانیارییەکان بە ئاسانترین شێواز، سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانەش دەقەکان لە ڕووی پلەبەندیی جۆری پاتکردنەوە بە پارافرێزکردن هاوسەنگییان تێدایە، بەوەی پارافرێزکردن لە هەردوو دەقەکەدا نزمترین ئاستی بەشداری هەبووە. بە سەرنجدان لە ڕێژەی پەیوەندییە واتاییەکان، جیاوازیی ڕێژەی نێوان دەقەکان دەردەکەوێ، ڕێژەکانیان لە ئاستی جیاوازدان، ڕێژەی پاتکردنەوە بە پەیوەندییە واتاییەکان لە دەقی زانستیدا (٣٤٪)ە و لە دەقە ئەدەبییەکەدا (٦٦٪)ە، بەمەش جیاوازیی نێوانیان (٣٢٪)ە، ئەم جیاوازییەش بەهۆی جیاوازیی بوارەکانەوەیە. لەبەرئەوەی ئەدیب هەوڵدەدا شتەکان بەیەکتر بچوێنێ و ئەو وشانە بەکاربهێنێ، کە پەیوەندیی واتاییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و بە یەکیانەوە ببەستێتەوە، زیاتریش ئارەزووی بەکارهێنانی وشە دەگمەنەکان دەکات، واتە سەلیقەی داڕشتن و هۆنینەوەی وشەکان و یاری پێکردنیان لە نێوان پسپۆڕێکی بواری زانستی و ئەدیبێک جیاوازی هەیە، بۆیە پاتکردنەوە لە ڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکان لە دەقی ئەدەبیدا نزیکەی دوو ئەوەندەی پاتکردنەوەی پەیوەندییە واتاییەکانە لە دەقی زانستیدا و پاتکردنەوەی ئەم جۆرەیان بەرزترین ئاستی بەشداری هەبووە لە سەرجەم جۆرەکانی پاتکردنەوەدا لە هەر دوو دەقەکەدا.

### پەراوێز

[١] جــگە لە زاراوەی (Repetition) چەنــد زاراوەیەكــی تــری وەكــو: (Reiteration, Multiple saying, Reoccurrence,) بۆ بەكارهێنراوە، زاراوەی (Repetition) لە هەموویان زیاتر چەسپاوە و بەكاردێ.

[٢] زاراوەی (Henceforth) یش بۆ هەمان مەبەست لەبری پاتكردنەوەی لێكسیكی بەكارهێنراوە.

(٣) پارافرێز لێرەدا لەبری هاوواتا بەكارهێنراوە، واتە بەكارهێنانی وشەی هاوواتــا لەبــری پــاتكردنەوەی هەمــان فــۆرم، وەكــو پــارافرێزكردنی بیــر بەكارنەهاتووە، پارافرێزكردن لە زمانی كوردیدا زیاتر بۆ مەبەستی گەیاندنی ناوەرۆك یان بیر بەكارهاتووە و تیشكیش لەسەر گەیاندنی مەبەستەكە بووە نەك كەرەستە زمانییەكان.

(٤)- لە گـوتنی ژمـارە (٥)دا كەرەســتەی (چەوری) وەكـو (چەورییەكــان) مــامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت و ســەرجەم ئەو پەیوەندییانە دروست دەكـات، كە (چەورییەكــان) دروســتیكردون، چــونكە جیــاوازیی نێوانیــان تەنیــا گیــرەكە گەردانییەكانی ناساندن و كۆكردنەوەیە، ئەوانیش كارناكەنە سەر گۆڕانی واتا و كەتیگۆریی ڕێزمانییان.

(٥)- لە گوتنی ژمارە (٥)دا كەرەستەی (چەورییە ناتێرەكان) پەیوەندییەكی لێكسیكی دروستكردووە لەگەڵ كەرەستەی لێوەرگیراوی (چەورییە تێرەكان) لە هەمان ژمارە گوتندا، جۆری پاتكردنەوەكە لێكسیكی ئاڵۆزە، چونكە هەردوو كەرەستەكە لە هەمان بنكە بەرهەمهاتوون و جیاوازیی نێوانیان بەهۆی گیرەكە وشە داڕێژەكانە، كە گیرەكی نەرێكردنی (نا)یە، لە ڕێگایەوە واتای كەرەستەكەی پێچەوانە كردۆتەوە. پاتكردنەوەی لێكسیكی ئاڵۆز هیچ لقێكی تری لێنابێتەوە بۆیە خانەی لقی ئەم جۆرە پاتكردنەوەیە بەتاڵە.

(٦)- له گـوتنی ژمـاره (٨)ی ئهم دەقەی سـەرەوەدا کەرەسـتەی (قوربـان) لەگەڵ کەرەستە پەیوەندیدارەکانی (کاکی خۆم) له گوتنی ژماره (١)دا و (برا) له گـوتنی ژمـاره (٧)دا، پەیوەنـدییەکی واتـایی هاوهـاپێونیمی له نێوانیانـدا هـاتۆته ئـاراوه، که له دەرەوەی ئهم دەقه دەشـێ ئهم جـۆره پەیوەنـدییه له نێوانیانـدا دروسـت نەبـێ، سـەرجەم ئەو کەرەسـتانه بـۆ مەبەسـتی نیشـاندانی ڕێـز و بانگکردنی کەسی بەرانبەره و کەرەسته لێوەرگیراوەکانی (برا، کاکی خۆم) به تایبەت له بەرانبەر ڕەگەزی نێر بەکاردێ، دەشێ جگه لەوه زاراوەکانی (بەڕێزم، مامۆستا، دکتۆر، ئازیزم، خوشکم... هتد) بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێن.

## سەرچاوەکان


- موکریانی، گیو(٢٠١٧)، فەرهەنگی کوردستان، کوردی-کوردی، پێداچونەوە و زیادکردنی کوردستان موکریانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.


## سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Aitchison, Jean (1994), "say, say it again Sam" The treatment of repetition in linguistics. in Fischer, Andreas(ed.). Repetition: Gunten Narr verlag.
- Al-Khafaji, R. (2005), variations and recurrence in the lexical chains of Arabic and English texts, Poznan studies in contemporary linguistics, vol 40, school of English, Adam Mickiewicz university, Poznan, Poland. Pp.5-25.
- Halliday, M. A. K. and Ruqaiya Hasan (1976), Cohesion in English, Longman group Ltd, London.
- Haspelmath, Martin and Andrea D. smis (2010), Understanding Morphology, 2nd Edition, Euston road, London.
- Hoey, Michael (1996), Patterns of Lexis in Text, Series Editors: John Sinclair and Ronald Carter, 4$^{th}$, Oxford University press.
- Lili Zhan (2012), Analysis of Lexical Repetition-Taking a News Discourse as an Example, Theory and Practice in Language studies, Vol. 2, Issue 10, pp. 2160-2167.
- McArthur, Tom (1992), The Oxford Companion to the English Language. New York, Oxford University Press.

- Nunung Nurjannah (2015), The analysis of repetition in the body text of Shampoo advertisements, Journal of English Language and Learning, Vol. 2, Issue 2, pp. 275-282.
- Quirk, Randolf, Sidney Greenbaum, Geoffrey Leech & Jan Svartvik (1985), A comprehensive Grammar of the English Language, New York: long man.
- Reynolds, D. W (1995), Repetition in Nonnative Speaker Writing: More than Quantity. Studies in Second Language Acquisition, Vol. 17, Issue 2, pp. 185-209.
- Rosydah, Imam Suyitno, Heri Suwignyo and Primardiana Hermilia Wijayati (2014), Translation of syntactic repetitions as formal aesthetic marker in Das Brot: International Journal of English language and translation studies, University of Malaya Kuala lampur.

**سەرچاوەی نموونەکان**

- حەسەن، شێرزاد (٢٠٠٣)، تەمی سەر خەرەند، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ: ٣٥٢، ٢٠٠٧/٥/٩.
- سەجادی، عەلائەددین (٢٠١٠)، ڕشتەی مرواری - بەرگی ١. ٨.
- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧)، زانست بۆ هەمووان، پەرتوکی قوتابی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم.

**ملخص:**

هذا البحث بعنوان (التكرار المعجمي مابين النص الأدبي والعلمي في اللغة الكوردية)، وهو بحث في اللغة، ونلمح ظاهرة التكرار في مختلف مستويات اللغة، المحادثة والكتابة، لذا تم عرض هذه الظاهرة في اللغة الكورية تحديدا في هذا البحث، مع تعين الاشكال التي تؤدي الى حدوث هذه الظاهرة، هذا البحث يدرس الموضوع في إطار موديل هوي (Hoey)، ومن ثم تطبيق النظرية على اللغة الكوردية.

في هذا البحث جاء بهدف تحليلي وأخذ عينات بشكل عشوائي بشكل متعمد، كي تغطي العينات الاشكال المختلفة لهذه الظاهرة والتي تتظمن شكلين، وهما العلمي والأدبي، بعد ذلك نوع التكرار كل نص في تم عرضه في جدول موضح، وبعد لأنتهاء من المقارنة تم الوصول الى عدة نتائج.

أما خطة البحث فتشكلت من مقدمة و مبحثين، في المبحث الأول تم التطرق إلى الجانب النظري وفي المبحث الثاني تم التطرق إلى الجانب التطبيقي، حيث ركز المبحث الأول من البحث على مفهوم التكرار مع المصطلحات القريبة منها وتم الاشارة الى مواضع ضرورة وعدمه و ذكر اسباب التكرار مع بيان أنواع التكرار، وفي المبحث الثاني يحتوى على الجانب الاحصائي للبحث، حيث استعانة البحث بنصين أدبين مترجمين مع عقد مقارنة بينهما، في النهاية تم ذكر أهم نتائج البحث مع قائمة المصادر والمراجع.

**Abstract:**

This research entitled “Lexical Repetition between literal and science texts in Kurdish language”, which is related to the linguistic branch Semantics, deals with the phenomenon of the repetition from the whole levels of language such as writing and speaking. Such phenomenon has been displayed through the thesis which comprises the introduction and two sections. The thesis aims to deal with the Repetition according to the framework of (Hoey’s), and incorporate it into Kurdish language.

Since the sample have been chosen randomly in order to manifest the different styles, the researcher decided to select two distinct styles, they are scientific style and literary style. After the type of Repetition of each text was shown in a chart (table) and compared with each other, the thesis came to a comprehensive conclusion.

The research is composed of an introduction and two sections. The first section is considered theoretical and the second section practical. More clearly, the concepts and Repetition terms as well as the terms that are relevant to Repetition have been explained. The second section has dealt with Hoey’s perspective as well as the extents of (Science and Literature) and compared to each other.